# ئەی پێغەمبەری خودا، مەڕوماڵات تیاچوون، وڕێگاکان پچڕان (هاتوچۆ کەم بوو بەهۆی نەمانی وشتر وسواریەکانی ترەوە)، داوا بکە خوای گەورە بارانمان بۆ ببارێنێت

له ئەنەسی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پیاوێک هاتە نێو مزگەوتەوە لە ڕۆژی جومعەدا لە دەرگایەک کە لە بەرامبەری (دار القضاء:دار ئەلقەزا) بوو، وپێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- وتاری دەدا، بەرامبەر پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- وەستا، ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، مەڕوماڵات تیاچوون، وڕێگاکان پچڕان (هاتوچۆ کەم بوو بەهۆی نەمانی وشتر وسواریەکانی ترەوە)، داوا بکە خوای گەورە بارانمان بۆ ببارێنێت، دەڵێت: پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- دەستی بەرز کردەوە وپاشان فەرمووی: «(اللَّهُمَّ أَغِثْنَا ، اللَّهُمَّ أَغِثْنَا ، اللَّهُمَّ أَغِثْنَا) واتە: (خودایە بێ بە هانامانەوە -بارانمان بۆ ببارێنە-، خودایە بێ بە هانامانەوە -بارانمان بۆ ببارێنە-، خودایە بێ بە هانامانەوە -بارانمان بۆ ببارێنە-)». ئەنەس دەڵێت: والله (پێش نزاکە) تەنانەت پارچەیەکی بچووکی هەوریش لە ئاسمان نەبوو، ولە نێوان ئێمە وشاخی (سەلع) هیچ خانوو وشوێنێکی بەرزکراوە نەبوو، لە پشتی چیاکە هەورێک دەرکەوت وەکو قەڵغان وابوو، کاتێک گەیشتە نیوەی ئاسمان (بە سەریانەوە) بڵاوبوویەوە وباران باری، والله یەک هەفتە خۆرمان نەبینی، لە هەفتەی داهاتوودا پیاوێک لە هەمان دەرگاوە هاتە نێو مزگەوت لە ڕۆژی جومعەتدا، وپێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- وەستابوو وتاری بۆ خەڵکی دەدا، وبەرامبەر پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- وەستا، ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، مەڕوماڵات تیاچوون وڕێگاکان پچڕان، داوا لە خودا بکە با بارانەکە بگرێتەوە -بیوەستێنێت-، ئەنەس دەڵێت: پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- دەستی بەرزکردەوە پاشان نزای کرد وفەرمووی: «(اللَّهُمَّ حَوَالَيْنَا وَلا عَلَيْنَا, اللَّهُمَّ على الآكَامِ وَالظِّرَابِ وَبُطُونِ الأَوْدِيَةِ وَمَنَابِتِ الشَّجَر) واتە: (ئەی خودایە، با بارانەکە بڕوات بۆ دەوروپشتمان و لەسەر ئێمە نەمێنێت، خودایە با بڕوات بەرەو شاخەکان وگردەکان ودۆڵەکان وشوێنی ڕووانی درەختەکان)»، ئەنەس دەڵێت: پاشان بارانەکە وەستا، ودەرچووین (لە مزگەوت) لە ژێر تیشکی خۆردا ڕێمان دەکرد، شورەیک دەڵێت: پرسیارم لە ئەنەس کرد: ئایا هەمان پیاوی یەکەم جار بوو، ئەویش ووتی: «نازانم».

[سەحیح - ڕاست] [(البخاري ومسلم) هاوران لەسەری]

ئەعرابیەك چووە نێو مزگەوتی پێغەمبەرەوە -صلی الله علیه وسلم- لە ڕۆژی هەینیدا لە دەروازەیەکی ڕۆژئاوای مزگەوتەکە؛ بەرامبەر بەماڵی عومەری کوڕی خەتاب -ڕەزای خوای لێبێت-، و پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- وەستابوو وتاری دەدا، پیاوەکە ڕووی لە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- کرد، ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، ئاژەڵەکان لەناوچوون، و ڕێگاکان پچڕان بەهۆی مردنی ئەو ئاژەڵانەی کە خەڵکیان دەگواستەوە یان لەبەر لاوازییان بەهۆی برسێتییەوە، نزا بکە بۆئەوەی خوای گەورە بارانمان بۆ ببارێنێت. پێغەمبەریش -صلی الله علیه وسلم- دەستەکانی بەرز کردەوە، پاشان فەرمووی: خوایە بارانمان بۆ ببارێنە، خوایە بارانمان بۆ ببارێنە، خوایە بارانمان بۆ ببارێنە. ئەنەسی کوڕی مالیک -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: سوێند بە خودا، هیچ پارچە هەورێکمان لە ئاسماندا نەدەبینی، و هیچ ماڵ و خانوویەک نەبوو کە ڕێگر بێت لە بینینی هەورەکە؛ لە نێوان ئێمە لە نێو مزگەوتەکە و شاخی سەلع لە ڕۆژئاوای مزگەوتەکە کە هەور لەوێوە دەهات. ئەنەس -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: لە پشتی شاخەکەوە هەورێکی خڕ وەک قەڵغانێک دەرکەوت و پارچەیەکی بچووک بوو، کاتێک گەیشتە ناوەڕاستی ئاسمانی مەدینە بڵاوبوویەوە، پاشان بارانی باری، سوێند بە خودا، هەتا هەینی داهاتوو خۆرمان نەبینی بەهۆی باران بارینەوە، پاشان هەر ئەو پیاوە لە هەمان دەروازە هاتەوە ژوورەوە بۆ نێو مزگەوت، و پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- وەستا بوو وتاری دەدا، پیاوەکە بە وەستاوی ڕووی لێکرد، ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، سامانەکان لەناوچوون، و ڕێگاکان پچڕان، نزا بکە

خوای گەورە بارانەکەمان لێ بگرێتەوە. دەڵێت: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەستەکانی بەرز کردەوە، پاشان فەرمووی: خودایە بارانەکە بە دەوروبەرماندا ببارێنە نەک بەسەرماندا، خودایە بارانەکە بڕوات بۆ سەر ئەو شوێنانەی کە بەرزن لە ئاستی زەوی وەکو گرد، و شاخی بچووک، و ناخی دۆڵەکان، و شوێنی ڕووانی درەختەکان. ئەنەس دەڵێت: هەورە باراناوییەکە پچڕا، و دەرچووین لە مزگەوت و لە ژێر تیشکی خۆردا ڕێمان دەکرد.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3174